نابێت دوو (نوێژی) وبتر لە یەک شەودا ئەنجامبدرێن

قەیس کوڕی تەڵق دەڵێت: تەڵق کوڕی عەلی ڕۆژێک لە مانگی ڕەمەزاندا سەردانی کردین، هەتا ئێوارە لەگەڵمان مایەوە وڕۆژووەکەی لەگەڵ ئێمە شکاند، ئینجا پێشنوێژی بۆ کردین لە (شەونوێژ) ونوێژی وبتردا، پاشان گەڕایەوە بۆ مزگەوتەکەی، پێشنوێژی بۆ هاوەڵانی ئەنجامدا، کاتێک نوێژی وبتر مایەوە پیاوێکی هێنایە پێشەوە (بۆ پێشنوێژی کردن)، ووتی: پێشنوێژی بۆ هاوەڵانت بکە لە نوێژی وبتردا، چونکە گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «نابێت دوو (نوێژی) وبتر لە یەک شەودا ئەنجامبدرێن».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: هاوەڵێکی بەڕێز بە ناوی تەڵق کوڕی عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- بە پێی کردەوەکەی ئەوە ڕوونەدەکاتەوە لە سەرەتای شەودا پێشنوێژی کرد بۆ کەسە نزیکەکانی ونوێژی وبتری ئەنجامدا، پاشان پێشنوێژی کرد بۆ خەڵکی ناوچەکەی وپێشنوێژی بۆیان نەکرد لە نوێژی وبتردا بەڵکو کەسێکی تری پێشخست بۆئەوەی پێشنوێژیان بۆ بکات لە نوێژی وبتردا؛ چونکە ئەو گوێی لە نەهی کردنێک بووە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە فەرموویەتی: نابێت مرۆڤ دوو نوێژی وبتر لە یەک شەودا ئەنجامبدات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11272